# مریەمێکم لە هەڵوەرین کەوتمەوە

چنوور نامیق

خەونێکی ڕەنگاڵەییە
چاوم تەڕە و
تۆش بە خەیاڵ
عومرم چەپک چەپک ئەکەی
خەونێکی دوور و درێژە
پەنلوب ئاسا
بێ دەنگی خۆم ئەچنم و
ڕەوتی هەراسانی ژیان ئەمخواتەوە
خەونێکی پڕ تریفەیە
مانگ غەرقی تەماشام بووە و
خوڕەی شەوقی بێهوودەیی
هەڵئەگۆزم
جەنگەڵێکی پڕ جریوە و
پاڕانەوەم
تازە ئاوا نابمەوە
دڵم لەگەڵ زڕەی مێژوو شکا و
ڕوحم نەفامانە ئەڕژێ
خەونێکی ئاوییە عومرم
پێکی دەستم فیراقی لێوە ئەچۆڕێ
ویستم لە بێ مەیلیی خەمێک
خەیاڵ بم پێت
ویستم حەزی برووسکەیەک
بمباتەوە
ڕاو ڕاوکێ لەگەڵ سێبەر و
ژیان لەگەڵ ساتەکانی پێش تۆ ناسین
بگۆڕمەوە
دڵم پڕ بوو لە حەسرەت و
دییەم لە ڕێی دووری ژوان
کوژایەوە
هاوڕێ وەسیەت
لەسەر ئاو دەنووسم
لەسەر تەمانی گوڵەکان
بۆت ئەنووسم
بۆ ڕۆژی ماتەمینەکەم
گوڵێک بدە لە بەرۆکی ئەو ڕۆژانەی
نەفامانە
مۆمەکانم لەسەر دەستت کوژاندەوە
نیگام لەگەڵ هەوردا ڕژا
لەدەست غرووری چاوانم
کوێوە هەڵبێم



مانگ غەرقی ڕوخسارم بووە و
منیش شەوقی بێهوودەیی
هەڵئەگۆزم
وەسیەت لەسەر با ئەنووسم
لە بۆ ڕۆژی وەرینی ماچ
باخێکم ئەوێ
ڕاستەڕێ بمباتەوە
بۆ تۆ ناسین
وەرزێکم لە هەڵوەرینت کەوتمەوە
ویستم سێبەرێک
لەبالات بکەمەوە
کورتم هێنا
ویستم جێ پەنجەت ببوێرم
لێوم تامی گریانی دا
ویستم نمەیەک وەفای تەڕ
بخۆمەوە
خواستم پرشی سێبەر بگرم
ویستم نامۆیی وەدەرنێم لە ناخمدا
خواستم ببم بە پاکیزەی وەرزێکی
پڕ میوە خواردن
گەرەکم بوو
هەموو ئادەمەکان لە ئامێزکەم
گەرەکم بوو
ڕەنگی تەنیایی پەنلوب بگرم
حەزم ئەکرد
مەعبەدەکانی سەر ڕێگە
بکەمە ژوانی باران
تا پێکەوە
ماچ و میوە و باران و شەراب مەستم کا
دیسانەوە
وەسیەت نووسین
ڕوحم ئەبا و
تۆش بە خەیاڵ
چەپک چەپک عومرم ئەبەی
دیسانەوە
نە ئادەم و نە سێبەرە جێماوەکان
دووم نەکەوتن
جارێکی تر
وەسیەت لەسەر کازیوەی تەڕ
ئەنووسمەوە
لەم دەڤەرە
مەیلی عەشق دییەنیم ئەکا و
چاوم پڕە لە مانگەشەو
بێزوو بەخەوەوە ئەکەم
تا دێ چاوم بە نامە لەرزۆکەکانی
بادی سەبا خومار ئەبێ
لێوم پڕە لە حەسرەتی پەنلوب
پرچم بە پەنجەکانی ئادەمەوە
سەفەر ئەکا
دەستت لابە لەسەر دڵم

با شەرمنیم کاست نەکا
با چیتر ڕووم زەردە گومان نەگرێتە خۆ
نەبا منیش وەک پەنلوب
بێ دەنگی خۆم بمخواتەوە
وەسیەت لەسەر تەمانەکانی ئەوساکە
ئەنووسمەوە
بۆ ڕۆژی ماتەمینەکەم
ئەو گوڵە سوورەم بۆ بێنە
کە ملی لار ئەکردەوە و
پڕ چاوی غروور ئەکردم
بۆ چلەی وەرزی ئەوینمان
چەند لەحزەیەکی جێماوم
لە عەرشی نەفامێک بەسە
بۆ کۆڕی لێک دابڕانمان
هەوارێکی پڕ خەتامان
جێ ژوانە
پەنلوبیش
مەراسیمی خەتاکانم جوانتر ئەکا
پەنلوب گیان
تارایەکم لە تریفە بۆ بچنە
کراسێک لە ڕەنگی ئاو و
ئەڵقەیەک لە لاسکی خەمم بەسە
لە جێی سووراو
شوێن ماچێکی دوێنێم بەسە
لەرزی شۆڕەبیم گرتووە و
هەڵئەلەرزم
وەک پەنلوب بڕیارم داوە
نەپەیڤم
بوومە پارچەیەک هەور و
پرچم لەگەڵ سەرەڕۆیی
بادی سەبا سەفەر ئەکا
سێبەر دێنم و
سێبەری تر بەڕێ ئەکەم
ئەی خودایە
خەونێکی دوور و درێژە
مانگ نوقمی ڕوخسارم بووە و
ئەمەوێ وەکو پەنلوب
خەون ببینم

٢٠٠٩/٨/٥

*** پەنلوب: یەکێکە لە پاڵەوانە لاوەکییەکانی ناو ڕۆمانی (مەسیح لە خاچ دەدەنەوە)ی (نیکۆس کازانتزاکیس)، هاوسەری (لاداس)، لای ئەم پیاوە بەدبەخت دەبێ، کە کچەکەشی دەمرێ ئیدی بێ دەنگی هەڵدەبژێرێ و هەر گوێ دەگرێ و لاداس چی شتی گرنگ، یان سارد و گەرمی هەیە بۆی باس دەکا. ئەو بە دەم گۆڕەوی چنینەوە هیچ کاردانەوەیەکی نییە و هیچ ناڵێ.**